


هاینریش و پاڵمەر - سکانی لەیزەری سێ ڕەهەندی ئێسکەپەیکەری نەهەنگی ڕاستی ئەتلانتیکی باکوور کە لەناو مۆزەخانەی دەریایی هاڵ دانراوە.
بەشێک لە بەرنامەی کاری هونەریی ڕاسپێردراو بۆ ئەنجامدان لە هاڵ ماریتایم.

# کوینز (QUEENS)
# گاردنز



## بەرنامەی «دەریای هاڵ» (HULL MARITIME)

# گەورەترین لەنگەرگا لە ئینگلتەرا

## کوینز گاردنز، کە ئەمڕۆ لێرە دەتوانن ببینن، سەردەمانێک شوێنی گەورەترین لەنگەرگای ئینگلاند بووە.

لێوارەکانی لەنگەرگاکە پڕ بوو لە کەشتییە گەشتیارییەکان کە بەرەو بازرگانی نێودەوڵەتی یان ڕاوکردنی نەهەنگ لە ئاوەکانی جەمسەری باکووردا دەڕۆیشتن. چوونەژوورەوە بۆ لەنگەرگاکە لە ڕێگەی ڕووباری هاڵەوە بوو و کەشتییەکانی دەهێنایە ناو دڵی هاڵ.




**لەنگەرگای کوینز، 1904. ئەم وێنەیە نیشان دەدات کە لەنگەرگای کوینز هێشتا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هێشتا قەرەباڵغە و بەکاردەهێنرێت. کەپر و شوێنی بارکردن لە تەنیشت لای باشووری لەنگەرگاکەوە لەو ناوچەیەدا دەبینرێت کە ئەمڕۆ تێیدا وەستاویت.**

دیزاینی لەنگەرگاکە لەلایەن هێنری بێری (Henry Berry) خەڵکی لیڤەرپوولەوە کراوە، کە بە شارەزای پێشەنگی لەنگەرگاکان لە وڵاتەکەدا دادەنرا. لۆک هۆڵت (Luke Holt) کە ئەندازیارێکی نیشتەجێ بوو لە شاری هاڵ، هاوکاریی ئەوی کرد.

لەلایەن کرێکارانەوە بە دەست هەڵکەندرا. هەندێک لە کەرستەکەی ناوخۆیی بوون، وەکو خۆڵ و زیخ کە لە هێسل (Hessle) و ئاڵدبرۆ (Aldbrough) بوون. کەرەستەکەی تری لە دوورەوە هاتبوون. بەرد لە نزیک لیدز و بەردی پۆزالانا لە ئیتاڵیا هێنران. ئەمەش چیمەنتۆیەکی تایبەت بوو بۆ دابینکردنی هێز لە ژێر هێڵی ئاودا. درێژی لەنگەرگاکە 519 مەتر و پانییەکەی 77مەتر (254 پێ) بووە.

کاتێک ئەم لەنگەرگایە تەواو بوو، زۆر سادە هەر بە لەنگەرگا (The Dock) ناسرا. پێداویستی و داواکارییەکە ئەوەندە زۆر بوو کە زۆری نەخایاند هاڵ پێویستی بە لەنگەرگای زیاتر بوو و بۆیە ئەمە بوو بە لەنگەرگای کۆن (The Old Dock).


دواجار ناوی گۆڕدرا بۆ لەنگەرگای کوینز دوای ئەوەی شاژنە ڤیکتۆریا لە ساڵی 1854 سەردانی هاڵی کرد.



**دیمەنێکی ڕۆژئاوای «لەنگەرگای نوێ» لە کینگستۆن ئاپۆن هاڵ کە لەلایەن ڕۆبەرت تیو (Robert Thew)ەوە کێشراوە، نزیکەی 1778-86. کۆمەڵەی گەلەری هونەری فێرێنس (Ferens).**



دروستکردنی
لەنگەرگای سەرەکی لە
ساڵی 1775 دەستی پێکرد و
چەندین ساڵ دوای ئەو
بەرنامەیەی بۆی دانرابوو لە
1778 تەواو کرا.




نەخشەیەکی شارۆچکەی کینگستۆن ئاپۆن هاڵ لە توێژینەوە و ڕووپێوەیەکی ڕاستەقینە، ساڵی 1784. لەلایەن ل.براینت (L. Bryant)ەوە کێشراوە و لەلایەن «ڕۆبەرت تیو»ەوە هەڵکەندراوە.

لە لوتکەی ئەم نەخشەیەدا دەتوانرێت «لەنگەرگا» (The Dock) ببینرێت، کە دەبوو بە لەنگەرگای کوینز.

ئەم زانیارییە بە
زمانەکانی تر
لەبەردەستە -
کۆدی QR سکان بکە

Made possible with Heritage Fund

Hull City Council

**maritimehull.co.uk**